# ٢٥ی نۆڤەمبەر
# وێستگەیەک بۆ بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان



توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە بنەمای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان ناسراوە و یەکێکە لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە گرنگانەی کە ئافرەت ناچار دەکات پلە و پایە و پێگەی نزمتر لە پیاوان قبووڵ بکات. بۆیە ئافرەتان بۆ نەهێشتنی ئەو نادادپەروەری و جیاوازییە رەگەزییانە و بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە لە سەرلەبەری جیهان خەباتێکی بێوچانیان کرد و بەرهەمی قوربانیدانەکانیشیان رۆژی جیهانی ٢٥ی نۆڤەمبەری لێکەوتەوە، کە لەو رۆژەدا لە هەرێمی کوردستانیش هەڵمەتی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەستپێدەکات و بۆ ماوەی ١٦ رۆژ بەردەوام دەبێت. وێڕای رۆڵی ئەرێنی ئەو جۆرە چالاکییانە، بەڵام بەشێك لە چالاکانی بواری مافەکانی ئافرەت رایانوایە کە ئەو هەڵمەتە نەیتوانیوە مۆرکی دیاردەی توندوتیژی کاڵ بکاتەوە، لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەشیان هێما بۆ ئەوە دەکەن کە ساڵ لە دوای ساڵ رێژەی توندوتیژییەکان هەڵدەکشێن. بەشداربوونی ئەم راپۆرتەی گوڵان هەڵسەنگاندنی زیاتری ئەم بابەتە دەکەن.

لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٠ لە وڵاتی دۆمینیکان سێ ئافرەت (پاتریا، مینروا، ماریا ترێزا) کە بە خوشکانی میرابال ناویان دەرکردووە، لەلایەن دەست و پێوەندەکانی «رافائێل تروخیۆ» دیکتاتۆری دۆمینیکەن، کوژران. پاتریا، مینروا و ماریا ترێزا کچی «ئینریکە میرابال» و «ماریا مێرسدێس» بوون. ئەم سێ خوشکە و مێردەکانیان لە خەباتگێرانی شێلگیری دژ بە رێژیمی «رافائێل تروخیۆ» بوون، هەرسێکیان نموونەی بەرزی خەبات و خۆڕاگری بە دژی حکوومەتی ملهوڕانەی ئەو دیکتاتۆرە بوون. لە رەوتی خەباتدا هەر کامێکیان چەندین جار کەوتبوونە بەندیخانە. لە ژانیوەری ١٩٦٠ پاتریا، سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەیەکی گرتەدەست کە دواتر بوو بە هەوێنی بزووتنەوەی نهێنیی ١٤ی جونی ١٩٦٠. دوو خوشکەکەی دیکەشی بوون بە ئەندامی ئەو بزووتنەوەیە. تێکۆشەرانی ئەم بزووتنەوە نهێنییە لە سەرانسەری وڵاتدا کەوتنە بەر راوەدوونان، لە ٢٥ ی نۆڤەمبەری ١٩٦٠دا خوشکانی میرابال، لە کاتێکدا بۆ دیتنی مێردە بەندکراوەکانیان دەیان بردن، بەدەست بەکرێگیراوانی «رافائێل تروخیۆ» و بە فەرمانی راستەوخۆی ناوبراو، کوژران. ئەو تاوانە بووە هۆی تووڕەیی و بێزاریی گشتی خەڵك و هەروەها بووە یەکێك لە هۆکارەکانی بەرەوپێشبردنی خەبات بە دژی دیکتاتۆریی رافائێل تروخیۆ. ساڵێك دوای کوشتنی خوشکانی میرابال، حکوومەتی ملهوڕی رافائێل تروخیۆ کۆتایی پێهات. ئەم خوشکانە کە نازناوی (پەپوولە لەبیرنەکراوەکان)یان پێدراوە، بوون بە سیمبولی خۆڕاگری و خەبات بە دژی ستەم دەرحەق بە ژنان. دواتر رۆژی٢٥ی نۆڤەمبەر لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، وەك رۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان قبوڵ کرا.

یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨١ لە لایان فیمێنیستەکانی ئەمریکا رۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر وەکو رۆژی خەبات دژی توندوتیژی، یان نەهیشتنی توندوتیژی دەستنیشان کرا، پاشان لە ١٧ ی دیسەمبەر ساڵی ١٩٩١ لە لایان رێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکانەوە وەکو رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی راگەیاندرا.

تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەوە کرد کە هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ساڵانە وەکو نەریتێك لەهەموو وڵاتان پیادە دەکرێ و هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەو هەنگاوە نێودەوڵەتییە، هاوکات گوتی: «ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت لە بەڕێوەچوونی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان سەلمێنەری قورسایی ئەو پرسە گرینگەیە، هەروەها مانای ئەوە دەگەیەنێت کە خودی سەرۆکی حکومەت دژی هەموو توندوتیژی و جیاکارییەکە لە هەرێمی کوردستان و پەیامێکە بۆ ئەوەی هەموو دامودەزگاکانی حکومەت کاربکەن بۆ نەهێشتنی جیاکاری و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەئافرەتانی کوردستان»، گوتیشی: «تەرخانکردنی ئەو ١٦ رۆژە رێکارێکی کاریگەرە و رۆڵی ئەرێنی هەیە، ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانە نیشان بدەین کە لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا کراوە، جگە لەوەی کۆمەڵێك یاسای باشمان هەیە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ جێبەجێکردنی یاساکان دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، ئەگەر ئەو یاسایانە بە باشی جێبەجێ نەکرێ ئەوا هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێ، لەلایەکی دیکەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسانە پێویستە ئافرەتان بەشداریان لە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا هەبێ جگە لە ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفییەکان، گرنگتریش لەوە ئەوەیە کە ئێمە تەنها بەشدارییەکانی ئافرەتان بە ژمارە دیاری نەکەین بەڵکو بوونی ژمارەیەکی ئافرەتی باش لە دەسەڵاتی بڕیاردانداڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی باشی دەبێت، دەکرێ لە هەوڵی ئەوەدابین لەسەر بنەمای چەندێتی و چۆنیەتی ئافرەتان لە ناوەندە هەستیارەکاندا کاری زیاتر بکرێ، نەك وەکو خێرپێکردن پۆست بە ئافرەت بدرێت، واتا ئافرەتانی بەتوانا و خاوەن ئەزموون ئەو ئەرکەیان پێ بسپێردرێت، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان رێژەی ٣٠٪ی کۆتا تەنیا لە پەرلەمان بوونی هەیە و لە ناو دەسەڵاتەکانی دیکەدا بوونی نییە، بۆ نموونە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەناو ئەنجومەنی وەزیران تەنیا یەك ئافرەتی وەزیر بەدی دەکرێ، لێرە دەبینین کەلێنێك هەیە لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە کە پەرلەمانی کوردستان شەرعیەت بە بەشداری ئافرەت لەناو دەسەڵات دەدات، بۆیە بۆ نموونە تا ئێستا سەرۆکی زانکۆکانمان یان راگری کۆلێژەکانمان ئافرەتی تێدا نییە، جگە لەوەی کۆمەڵێك ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو پەیامانەیە کە لەو رۆژەدا رادەگەیەندرێت، چونکە یاساکان وەکو خۆی کە هەیە جێبەجێ ناکرێ، ئەگەرچی یاساکانیش لە کەموکورتی بەدەر نین، بەڵام لەجێبەجێکردنیشیدا خاڵی لاوازمان هەیە، لەلایەکی دیکەوە داواکاری گشتی ئەو ئەرکەی کە هەیەتی بە تەواوی جێبەجێی ناکات، بۆیە پێویستی بە ئەکتیڤکردنی زیاتر هەیە، بۆئەوەی زیاتر بە شوێن کێشەکانی ئافرەت بگەڕێت و تاوانباران بگەیەنێتە دادگا و یاسا سەروەر بێت، ئێمە ساڵانە ئەو پەیامانە دووبارە دەکەینەوە و کۆمەڵێك چالاکی و کاری باش ئەنجام دەدرێت، بەڵام پێویستە ئەو کارانە دابەشی سەر هەموو رۆژەکانی ساڵ بکەین، واتا حکومەت بە ئاراستەیەك، رێکخراوەکان بە ئاراستەیەکی دیکە، پیاوانی ئایینی بە ئاراستەیەك، راگەیاندنیش بە ئاراستەی خۆی، لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەت کاردەکەن. واتە ئەو پەرتەوازەییە وایکردووە کارە گرنگەکان شوێنی خۆیان نەگرن، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا راگەیاندنی کوردی نەیتوانیوە رۆڵێکی کارای هەبێت لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی، بەپێچەوانەوە بە نیشاندانی کارە نەرێنییەکانی توندوتیژی بێئەوەی دیراسە بکرێ، لە دەرەنجامدا رێژەی توندوتیژی بەرەو سەرەوە بردووە، بۆیە زۆر گرنگە راگەیاندن بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە نەك تەنیا کێشەکان بخاتەڕوو بەڵکو رێگەچارەشی بۆ بدۆزێتەوە.

نووسەر و رۆژنامەنووس لەتیف فاتح رایوایە «بە پازدە رۆژ و بیست رۆژ ناکرێ توندوتیژی بنبڕ بکرێت»، گوتیشی: «بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی پێویستی بە هۆشیاریی گشتی

**لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە بری ئەوەی جیاوازی بیر کردنەوە و هەڵسوکەوتی نەریتی بکەینە بنچینەی ئەفراندن و گۆڕانکاری، کار لەسەر ئەوە دەکەین، بەرەو نەمانیان ببەین**

**دەکرێ لە هەوڵی ئەوەدابین لەسەر بنەمای چەندێتی و چۆنیەتی ئافرەتان لە ناوەندە هەستیارەکاندا کا ی زیاتر بکرێ، نەک وەکو خێرپێکردن پۆست بە ئافرەت بدرێت**

و بەرزکردنەوەی ئاستی لێبوردەیی تاکەکان هەیە. رەنگە هەموو کۆبوونەوە و قســەکردنێك بەشــی خۆی جێ بگرێ و رۆڵی هەبێت، بەڵام نەهێشــتنی توندوتیژی بەوە دەبێ چۆن پەرە بە گیانــی لێبووردەیی و پێکەوە هەڵکــردن و یەکتر قەبووڵکردن بدەین، چۆن وا بکەین بە هێمنی هەڵە و کێماسییەکانی یەکتر چاك بکەین، چۆن تاکەکان رابێنین لەســەر ئەوەی یەکتریان بە جیاوازییەکانەوە قەبووڵ بێت.

لەتیف فاتح لە درێژەی قســەکانیدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەو کرد کە ئــەوەی جێگەی نیگەرانییــە ئەوەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە بری ئەوەی جیاوازی بیر کردنەوە و هەڵســوکەوتی نەریتی بکەینە بنچینەی ئەفراندن و گۆڕانکاری، کار لەسەر ئەوە دەکەین، بەرەو نەمانیان ببەین، پاشــتر رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی پێویســتی بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خێزانــی و ئایینی هەیە، لە هەموو ئەوانەدا ئێمە کێشــە و گیر و گرفتی قووڵمان هەیــە، تەنانەت لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشــدا نەماتوانیوە دۆخێك دروســت بکەین کە مرۆڤی ئارام و ناتوندوتیژ بەرهەم بێنین، ئەمەش زۆر جار رەنگدانەوەی لەســەر کایەی سیاســی هەیە تەنانەت بە جۆرێك کار دەکاتە سەر هەڵسوکەوتمان لەگەڵ یەکتریش. بەگشتی ناتوندوتیژی و خەبات دژی توندوتیژی پێویستی بە پشوودرێژی و بەردەوامی هەیە، هەر هەنگاوێکیش لەو رووەوە دەکرێ بە بایەخەوە ســەیر بکرێ».

چالاکی کۆمەڵی مەدەنی شەمام حەمەزیاد، تەرخانکردنی ١٥ رۆژ بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە چارەسەر نازانێت و رایوایــە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوســالارە و توندوتیژییەکانیــش زیاتــر خێزانین، گوتیشــی: «زۆربەی توندوتیژییەکان لە خێزانەوە دەخزێتە ناو کۆمەڵگە و بەم هۆیەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی دروست دەکات و کۆمەڵگەیەکی توندوتیژ بەرهەم دێت:. شەمام جەختی لەوە کردەوە کە قەیرانــە ئابوورییەکان و کەمبوونی داهاتی خێزانی رێــژی ناکۆکی و توندوتیژی لە ناو خێزانەکان بەرز دەکاتەوە، نموونەشی بەوە هێناوە کە «ئەمساڵ قەیرانەکان زیادیان کردووە، توندوتیژیش بە رێژەیەکی زۆرتر لە ســاڵان زیادی کردووە». ئــەو چالاکەی کۆمەڵی مەدەنی چارەســەر لە ئەکتیڤکردنی یاسای باری کەسیدا دەبینێتەوە و پێیوایە: ئەگەر ئەو کۆمەڵە یاســایەی کە هەمانە وەکو خۆی کە هەیــە پەیڕەو بکرێن و کاریان پێ بکرێت، توندوتیژی کەمتر دەبێت، هەروەها گوتی: «ســاڵانە بە دەیان ژن لە هەرێمی کوردستان دەکوژرێن، کەس باسیشــیان ناکات، لە کاتێکدا لە وڵاتی ئێمەدا لە بەرخودان و سەختی و نەهامەتی پشکی شــێر بەر ئافرەتان کەوتووە و لە رێگەی شۆڕش و ئازادیخوازیدا قوربانی زۆریان داوە، هیوادارم یادکردنەوەی رۆژی جیهانیــی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لــە دژی ئافرەتــان ببێتە دەرفەتێکی باش کــە حکومەت و رێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنی و ناوەنــدە میدیایی و رۆشنبیرییەکان و گشت لایەك بتوانین بە ئاراستەی نەهێشتنی توندوتیــژی لەدژی ژنان هەنــگاو بنێین و لــەم رێگەیەدا دەستکەوتی کردەیی مسۆگەر بکەین».

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان شەش بەڕێوەبەرایەتی و ٢٨ نووسینگەی هەیە، سەرجەم رووداوەکانی سووتان، خۆسووتاندن، کوشــتن، خۆکوشتن، سکاڵا و دەســتدرێژیی بۆ سەر ئافرەتان لەلایەن نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانیانەوە تۆمار دەکرێن.

ئەمەل میکائیل کاکەیی، بەڕێوەبەری پلان و سەرپەرشتیاری بەشی ئامار و لێکۆڵینەوە و هۆشیارکردنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، باسی هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان دەکات و دەڵێت: «چەندین هۆکار هەن، زیاتریش لــە نێو کەمپی ئاوارە و کۆچپێکراوەکان روودەدەن. پلانــی کارمــان بۆ چارەســەرکردن بریتی بووە لە کردنەوەی چەندین هۆبە لە نێو کەمپەکانی هەولێر و ســلێمانی و دهــۆك و گەرمیان و راپەڕین و ســۆران، لە پاڵ کردنەوەی ئەو هۆبانە تیمی گەڕۆکمان دروستکردووە، بەپێی ئامارەکانی خۆمان هەڵکشانی توندوتیژییەکان بە ئاسانی دەبینین، چونکە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و ئەوەش هۆکاری ســەرەکی هەڵکشانی رێژەکەیە. هەڵکشانی توندوتیژییەکانیش چەندین هۆکاری هەیە، لەوانە نەخۆشــیی دەروونی، جەســتەیی و عەقڵی. یان ئەو کەسەی توندوتیژی بەکاردێنێت ئالوودەی مادده هۆشبەرەکانە و توانای کۆمەڵایەتی لاوازە، چونکــە ئەگەر توانای بەهێز نەبێت، ناتوانێت گفتوگۆ بکات، جگە لەوەش خۆکۆنتــڕۆڵ نەکردن لە کاتی تووڕەییدا هۆکارێکی دیکەی توندوتیژییە.»

**بەپێی ئامارەکانی خۆمان هەڵکشانی توندوتیژییەکان بە ئاسانی دەبینین، چونکە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و ئەوەش هۆکاری سەرەکی هەڵکشانی رێژەکەیە**

**قەیرانە ئابوورییەکان و کەمبوونی داهاتی خێزانی رێژی ناکۆکی و توندوتیژی لە ناو خێزانەکان بەرز دەکاتەوە**

**ئەوەی خوارەوەش ئاماری (٩) مانگی توندوتیژییەکانی دژی ئافرەتانە لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی (٢٠١٥)**

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٨ | ١٩ | ٥٣ | ٣٨ | ٢٠٨٣ | ٥ |
| دهۆک | ١٠ | ١٢ | ٣٤ | ١٥ | ١٥٦٥ | ٣٥ |
| سلێمانی | ٨ | ١٥ | ٣٥ | ٢١ | ٩٤٩ | ٣٧ |
| گەرمیان | ٦ | ٣ | ١٥ | ١١ | ٦١٠ | ١٥ |
| ڕاپەڕین | ٣ | ٤ | ١٥ | ٥ | ٤١٤ | ٣ |
| سۆران | ٢ | ٣ | ١٣ | ٤ | ١٥٤ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٤٧ | ٥٦ | ١٦٥ | ٩٤ | ٥٧٧٥ | ٩٩ |

**جیاوازی (٩)مانگی ساڵی (٢٠١٥-٢٠١٤)**

| کۆی (٩) مانگی ساڵی | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | سکاڵا | سێکسی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٥ | ٤٧ | ٥٦ | ١٦٥ | ٩٤ | ٥٧٧٥ | ٩٩ |
| ٢٠١٤ | ٢٧ | ٣٣ | ١٦٢ | ٧٠ | ٥١٠٥ | ١٠٥ |
| جیاوازی ٢٠١٥-٢٠١٤ | ٢٠+ | ٢٣+ | ٣+ | ٢٤+ | ٦٧٠+ | ٦- |



# منداڵانی کوردستان چینێکی پەراوێزخراو

٢٠ی تشرینی دووەمی١٩٥٤ یەکەم کۆنگرەی جیهانی تایبەت بە منداڵان بەستراوە، لەو کاتەوە تا هەنووکە منداڵانی سەرلەبەری دنیا نەك مافەکانیان مسۆگەر نەبووە، بگرە لە زۆر وڵاتی ئەم گەردوونە خاکییەدا پەراوێز خراون، تەنانەت لە زۆر وڵاتیش بوونەتە سووتەمەنی شەڕ و ناتەبایی و ململانێکان و لە پێناوی ئامانجە کاتی و حزبییەکاندا بەکارهێنراون.
ئەم واقیعە لە کوردستانی خۆشمان بە دوور نییە کە دەگوترێ هەموو شارستانییەت لە سەر دەستی میزۆپۆتامیا و سەرزەمینی ماد و کوردان دامەزراوە. بۆیە چەند پرسیارێك لێرەدا بەرجەستە دەبن. ئایا ئەو رۆژە جیهانییە چی بۆ منداڵانی نیشتمانێك بە ناوی کوردستان لە هەگبەدایە؟ ئایا کوردستانی رزگارکراو کە بە هەرێمی کوردستان ناسراوە، تا چەند بایەخی بەم سامانە نەتەوەییە و نەوەی دوارۆژی خۆی داوە؟ ئایا رۆڵی پەروەردە لە کۆمەڵگەی کوردستان و لە وەبەرهێنانی نەوەیەکی کارامە چی بووە؟ بەشدارانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی (٢٠ی تشرینی دووەمـــی ١٩٥٤) لە وڵاتی سویســـرا یەکەم کۆنگرەی جیهانی تایبەت بەمنداڵانی بەســـت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کۆدەنگییەك لەسەر ژیانی منداڵ لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکانـــی جیهاندا هەبێـــت و دواتر لە ڕۆژی (٢٠ی تشرینی دووەمی ســـاڵی ١٩٨٩)دا نەتەوەیەکگرتووەکان لەکاتـــی یادکرنـــەوەی ڕۆژی جیهانـــی منداڵاندا بە ئامادەبوونی نزیکەی (١٩١) دەوڵەت یاداشتی بەرگری مافەکانی منداڵان مۆرکرا، تەنانەت دەســـتووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) گرنگی بە مافەکانی منداڵ داوە، لە ماددەی (٢٩/بڕگـــەی ٣ و ماددەی ٣٠)دا هاتووە: «هەموو جـــۆرە بەکارهێنانێکی منداڵان لە بواری ئابووری و سیاسی قەدەغەکراوە، هەروەها پێویستە لەســـەر دەوڵەت پاسەوانییان لێبکات»، لە هەرێمی کوردستانیش چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە منداڵان دامەزراون، کە هەر کامیان بە پێی قەوارە و توانا کاریان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی منداڵ کردووە و بە یاساش هەوڵ دراوە توندوتیژی خێزانی بەتایبەت بەرامبەر بە ئافرەت و منداڵ کۆنترۆڵ بکرێ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تا ئێســـتا نەتوانراوە ژینگەیەکی ئارام و تەندروســـتی دوور لە توندوتیژی و پێشێلکاری بـــۆ منـــداڵ دەســـتەبەر بکـــرێ. دەروونناس و کۆمەڵناســـانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە وەك پێویســـت گرنگی بە مافەکانـــی منداڵان نـــەدراوە و نەتوانـــراوە پێگـــەی منداڵ لە کۆمەڵگە دەستنیشان بکرێ.

هەر لەو بارەیەوە سەرەتا چالاکی مافناس دێدەوان قادر، منـــداڵان وەك چینێکی گرنگـــی کۆمەڵگە هەژمار دەکات کە هەمیشە شوێنی بایەخپێدانی ڕێکخراوە جیهانیەکان بوون، هاوکات دەڵێت: «لە کۆڕبەنـــدە جیهانـــی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و دەستوور و یاسا ناوخۆیی و هەرێمییـــەکان، بەدەقی نووســـراو مافەکانی منداڵ دیاریکـــراوە، لەبەر ئەمەش تا ڕادەیەکی باش توانراوە لە ئاستی جیهانی کار بۆ دەستبەرکردنی مافەکانی منداڵان بکرێت، ئەوەشـــمان لەیاد نەچێت کە نەتەوەیەکگرتووەکان پەیماننامـــەی مافەکانی مرۆڤی لە ســـاڵی١٩٤٧ی دەرکرد و زۆرینەی وڵاتانی ئەندام پەســـەندیان کرد، ئەم جاڕنامەیەش بووە باشترین بەڵگە بۆ پاراستنی مافەکانی منـــداڵان و لـــە ڕۆژی (٢٠/ ١١/ ١٩٨٩)دا جارێکی دی ڕێککەوتننامـــەی تایبەت بـــە مافەکانی منداڵان هەموارکرایـــەوە و دواتریش لەلایەن ســـەرجەم وڵاتانی جیهانەوە پەســـەندکرا، هەروەها لە یاسای کاری عێراقی ساڵی ١٩٦٩ کارکردن بە منداڵ سنووردار کراوە، هەروەها قەدەغە کراوە منداڵ بۆ کاری سواڵکردن بەکاربهێندرێت، وێڕای ئەوەی لە کوردستان چەندین یاسا لە بەرژەوەندی منداڵان دەرچووە، بەڵام لە ئەرزی واقعدا جێبەجێ ناکرێن و نابنە هۆکارێك بۆ پاراستنی مافەکانیان، هەربۆیە زۆر جار نەك سەرەتاییترین خواســـتەکانیان جێبەجێ ناکرێ بگرە ڕووبەڕووی توندوتیژی و چەوســـانەوەش دەبنەوە، هـــەروەك ئـــەو بارودۆخەی ئێســـتای کوردســـتان کە منداڵ و نەجەوان، یان مێرمنداڵان پشکی گەورەیان بەرکەوتووە و بـــاری ژیانیانی زۆر قورس کردووە».

توێـــژەری کۆمەڵایەتی لەتیف حوســـێن ڕایوایـــە هەمـــوو بارودۆخێکـــی باش، یاخود خراپ بە ئەندازەی



**لە کوردستان چەندین یاسا لە بەرژەوەندی منداڵان دەرچووە، بەڵام لە ئەرزی واقعدا جێبەجێ ناکرێن و نابنە هۆکارێک بۆ پاراستنی مافەکانیان، هەربۆیە زۆر جار نەک سەرەتاییترین خواستەکانیان جێبەجێ ناکرێ بگرە ڕووبەڕووی توندوتیژی و چەوسانەوەش دەبنەوە**

**لە یاسای کاری عێراقی ساڵی ١٩٦٩ کارکردن بە منداڵ سنووردار کراوە، هەروەها قەدەغە کراوە منداڵ بۆ کاری سواڵکردن بەکاربهێندرێت**

خۆی کاریگەری لەسەر منداڵ دروست دەکات و ئاسەوارەکانی خۆی لەسەر منداڵ و ماف و پێگەیان بەجێ دەهێڵێت. ئەو توێژەرە لە درێژەی قسەکانیدا وتی: «گرنگە لە هەموو بارودۆخەکاندا رەچاوی ئەوە بکرێت کە نابێت کاریگەری رووداوەکان، یان خودی رووداوەکان کاریگەرییەکانی بە شێوەیەك بێت، منداڵ بخاتە ئاستی پەراوێزخستن و بێ مافییەوە»، وتیشی: «ئەوەی ئەمرۆ لە کوردستاندا دەگوزەرێ لە قەیرانی سیاسی و ئابووری شەڕ و کاریگەری لەسەر تاك بە تاك و خێزانەکان، زۆر بە روونی بەرچاو دەکەوێ کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر منداڵەکانیش دروست کردووە. هەروەها لەم بارودۆخەدا منداڵ بە هۆی باری قورسی ژیانی خێزانەکەیەوە هەست بە بێ مافی، یان پەراوێزخستنی دەکات، ئەمەش هەم لە رەفتاری و هەم لە گوفتاریشیدا بە ئاشکرا دیار و بەرچاوە، لەبەر ئەوەی منداڵ نازانێت شەڕ و بەرگری لە نیشتمان چ بەهایەکی بەرزی هەیە، بۆیە دوورخستنەوەیان لە کاریگەری ئەم بارودۆخ و قەیرانە



هەرچەندە قورسە، بەڵام ئەرکی سەرەکیی خێزان و دایك و باوك و حکومەتیشە، چارەسەری ئەمەش بەوە دەبێت کە بە جۆرێك پلان و بەرنامەڕێژییان بۆبکرێت، کە رێگە بەوە نەدرێت منداڵ هەست بە پەراوێزخستنی بکات. نابێت رێگە بدرێت لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە منداڵ لەو دنیایەی هەیەتی، بێبەش، یان دوور بخرێتەوە، چونکە بمانەوێت، یان نا ئەمانە کاریگەری نەرێنی دروست دەکات، وەکو دەشزانین ئەم بارودۆخە رەنگدانەوەی راگەیاندن و زەمانەکەیەتی، هەر بۆیە پاراستنی منداڵ و تێکەڵنەکردنی بە بارودۆخە نەخوازراوەکان ئەرکی سەرەکیی حکومەت و میدیاکان و هەموو لایەك، ئەرکی خێزانیشە نەهێڵێت ئەوەی لەسەر شانی خۆیەتی لە منداڵەکەیدا رەنگ بداتەوە، نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە بە هەموو لایەکەوە ئەرکی سەرشانمانە کە رێگە نەدرێت منداڵ ببێتە قوربانی بارودۆخەکان.»

لەلای خۆیەوە شیلان جەعفەر جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد کە «منداڵ پێش هەموو شتێك پێویستی بە پەروەردەیەکی دروستە، ئەوەش هەم ئەرکی خێزان و هەم ئەرکی حکومەتە، ئەگەر وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بە نموونە بێنینەوە دەبینین پەروەردەکردن پێش فێرکردن هاتووە، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان ئەوە بە تەواوی رەچاو نەکراوە. هەرچەند یاسا و رێنمایی باشیش هەن، بەڵام وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێن، باشترین نموونەشمان ئەوەیە کە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان ئەوەی سەلماند کە نەك منداڵ مامەڵەی ناتەندروستی لەگەڵدا کراوە، تەنانەت بۆ مەرامی سیاسی و حزبی بەکارهێنران، کە ئەمە دوورە لە دنیای منداڵان، بەڵکو پێچەوانەی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی منداڵە»، وتیشی: «ئێمە وەکو لیژنە لەسەر و بەندی ئەو پێشێلکارییانە یاداشتێکمان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد، تاوەکو بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان رەفتار لەگەڵ منداڵ بکرێت و لە کەشێکی ئارام و دوور لە توندوتیژی پەروەردە بکرێن، چونکە منداڵ سامانی داهاتووی هەر نەتەوە و وڵاتێکە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە ئێستادا سەرقاڵی پرۆژە یاسای هاریکاری و دەستەبەری کۆمەڵایەتین کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و خەریکی راپۆرت نووسینین، پێموایە لە داهاتوویەکی نزیك دوای جێبەجێکردنی لەلایەن حکومەتەوە لە داهاتی گشتی ئەم پرۆژەیە یاسایە سەرپەرشتی دەکرێ و کاری پێدەکرێت».

**نابێت رێگە بدرێت نە لە رێگەی راگەیاندنەکان و نە لە رێگەی ماس میدیاوە منداڵ لەو دونیایەی هەیەتی، بێبەش، یان دوور بخرێتەوە**

**ئەوەی ئەمرۆ لە کوردستاندا دەگوزەرێ لە قەیرانی سیاسی و ئابووری شەڕ و کاریگەری لەسەر تاك بە تاك و خێزانەکان، زۆر بە روونی بەرچاو دەکەوێ کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر منداڵەکانیش دروست کردووە**